**بۆ یادی هاوبیر ئامانج،ناسراو به (مام برایم)**

هەڵۆ بەرزنجەیی

له پێش ١٩٨٠وه هاوبیر ئامانجم دەناسی.ئەو هاورێ و هاو قوتابخانەی چەند هاورێیەکی من بوو.منیش له رێی ئەوانەوە، سڵاو و چاکوچۆنیم لەتەک ئامانجدا پەیدا کرد...ئەو هەمیشە شیکپۆش و دەم به پێکەنین بوو،له رۆشتندا،بڕه سنگی دەردەپەڕاند.به روخساریشیدا دیاربوو،نقوومی عەشقێکی قووڵ بوو.

که دەڵێم یەکترمان دەناسی،بەڵام کەسمان نەماندەزانی کەهاوبیریی یەکترین،چونکه کەم رێکدەکەوت،گفتوگۆی درێژ پێکەوه بکەین تا، له نێزیکەوه ئاشنای بیروبۆچوونی یەکتر ببین... ئەو سەردەمە،گەلەک ئاسان بوو، بزانی کێ چییە. هەر لەرێی قسه و دەبڕینی بیروباوەڕەوە،دەکرا دەستنیشانی خانەی هزری ئەو کەسه بکەیت و تەنانەت بزانی له چ پارتێکی سیاسیدا کار دەکات،یاخود نێزیکه . رۆژگار هات و چوو،من هێشتا خوێندنم تەواو نەکردبوو،هەواڵم زانی له رێی هاوبیریی هەمیشه زیندوو و رەوانشادم ،(ئازاد)،ناسراو به بروسکە، که من ئەمیشم له رێگای هاوبیر و هاورێی منداڵیم هوشیاری وەستا رەشیدەوه ناسی، که کاکه ئامانج هاوبیری پاسۆکه و چۆته ریزەکانی پێشمەرگەی پاسۆکەوه.

دوای زانینی هەواڵەکە، هەستێکی بەهێز و خۆشی مۆڕاڵی پێ بەخشیم،چونکه سڵاو و رێزگرتنەکەم له کەسێک بووە،هاوبیری خۆمه و بەهەدەر نەچووه.

چەند ساڵێ دواتر بەهۆی شەڕی براکوژییەوە،منیش پەڕاگەندەی ئەوروپا بووم.چونکه چ ئەو کاته و هەم ئێستاش ناتوانم و ئامادەنیم کورد بکوژم. ساڵی ١٩٨٩،کاتێ هاوبیر و سکرتێری حیزبمان کاک ئازاد مستەفا،له سوید ماڵئاوایی لێکردین و گیانی بەخشییه پرسی رەوای نەتەوەکەی، بەختەوەر بووم، لەتەک هاوبیر فەرەیدونی قازیدا، دەرفەتی یاوەریکردنی تەرمەکەیم هەبوو. له ستۆکهۆڵم هەڵفڕین بەرەو ، مۆسکۆ، پاشان تاران و دواتریش بەرەو سەقز و دوا قۆناخ له زەڵێ،به ئامادەبوونی سەدان پێشمەرگه و نوێنەری لایەنه سیاسییەکان و هاوبیران، تەرمەکەیمان به خاکی پیرۆزی کوردستانمان سپارد.

هەر که گەشتمه بارەگای پاسۆک له نۆکان، به دیداری چەند هاوبیرێکی خۆشەویستم شاد بوومەوە.یەکێ لەوانه هاوبیر ئامانجی ناسراو به مام برایم بوو.

بارەگای سەرکردایەتی پاسۆک له نۆکان، نێزیکی بارەگای لایەنەکانی تری بەرەی کوردستانی،به تایبەت ی.ن.ک بوو.هەردوو ئەفسەری تێکۆشەر و نناوی کوردایەتی کاک کەریم سەلام و کاک شوان،سەرپەرشتی نێزیکی ٢٥ پێشمەرگەیەکیان دەکرد...مامۆستا ئەحمەد هەردیش،ئەوکات برا گەوره و له جێی سکرتێری پاسۆک بوو،له سەقز دادەنیشت. هاوبیر جوامێر و رێبین هەردی و چەندانێکی تر،سەرپەرشتی دەزگای راگەیاندنیان دەکرد...هاوبیر دلێر و حسین جاف ، بەرپرسی ریکخستن بوون و مام برایم فەرماندەی پێشمەرگەکان بوو. قۆناخەکە،به نائومێدی و رۆژانی سەخت ناوی دەرکرد بوو. ژیانی پێشمەرگایەتی لەوپەڕی سەختی و دژواریدا بوو. کارەساتی هەڵەبجه و شاڵاوەکانی ئەنفال و راگوێزان و کاولکاریی رژێمی بەعس گەیشتبووه،ترۆپکی تاوانکاری.. ئەو رۆژانە، شاری قەلادزێی خۆشەویست رادەگوێزرا و کاولدەکرا..

پاش به رێوەبردنی دابونەریتی پرسەی کاک ئازاد و کەمبوونەوەی میوانەکان، دوای ٤ ـ٥ رۆژێک پێشنیازی سەردانێکی گڵکۆکەی کاک ئازادم کرد و هاوبیران کاک کەریمی هەمیشه زیندوو، مام برایمی هەرگیز نەمر، هاوبیر ئاسۆس هەردی وهاوبیر دلێر چاوشین و هاوبیر فەرەیدون قازی و بەندە،بەرەو زەڵێ ، که نێزیکی دەمژمێری نەرمەڕێ بوو،کەوتینه رێ...له کاتی رۆشتندا،هەرجارەی له یەکێ لەو هاوبیرانه نێزیک دەبوومەوە و شانبەشانی یەکتر دەڕۆیشتین... پێم وابێ،دوای کاک کەریم، زۆرترین کاتم لەتەک مام برایمدا بەسەر برد.

باسی گەلەک شتمانمان کرد،لەوانە: گەرەکی ئیبراهیم پاشا و سەردەمی خوێندن و هاورێیانی ئەو رۆژگاره و ئەوجا هەلومەرجی پێشمەرگایەتی و بارودۆخی پاسۆک و پێوەندیی به رێکخستنەکانی نێو شارەکان و حیزبه کوردستانییەکانەوه و هتد... زۆری نەخایاند دەرگای دڵی خسته سەرپشت و گەڕایەوه سەر زاتی خۆیی و ئەو ئەوینەی پێوەی دەناڵاند...منیش وەک مشتەرییەکی به پەرۆش گوێم بۆ قسەکانی راگرتبوو.

هاوبیر ئامانج، پێشمەرگەیەکی به وورە بوو،خاوەنی باوەڕێکی پۆڵایین بوو،لەگەڵ ئەوەشدا چەند جارێک جەختی لەسەر ئەوه کردەوه ،له ئێستادا، لەبەر کاک کەریم و بۆ پاسۆک ماوەتەوه ،دەنا هێجگار بێزاره له هەندێ شت. تا خودا حەز بکات کەسێکی دڵی ناسک و کەم چیکەڵدانه بوو. بۆیەکا منیش به نەخشی خۆم هەوڵم دا ئارامی بکەمەوە.ئیدی بەمجۆره زۆربەی کاتەکانمان پێکەوه بەسەر دەبرد.دوای چەند رۆژێک لەتەک کۆمەڵێ هاوبیردا و به رێبەڕێتی مام برایم سەردانی ئەو گوند

و ڕەشماڵانەمان دەکرد،کە لە دەوروبەری نۆکان بوون و ساتەوەختێکی پڕ لە ئازار و دڵتەنگیمان لە نێو ژیانی پڕ لە کولەمەرگی دانیشتوان و ئاوارەکانی دەڤەرەکەدا بەسەر برد.بەڵام دیسان سەردانەکەمان، هەم بۆ ئێمە مایەی خۆشییەک بوو،هەمیش لای ئەوان جێی سەبووریی و ئارامییەک بوو.

لەو گەڕانەوەیەدا،نێزیکی ٤ هەفتە لە نێو هاوبیران و پێشمەرگە دڵسۆزەکانی پاسۆکدا مامەوە. گەلەک میوانی جۆراوجۆر هاتن بۆ لامان، لێ لەتەک دووان لەوانە ،گیانبەختکردووی ڕەوانشاد یوسفە لچە و کاکە بەهادینە قەڵەوی برازای عەباس ئەبوشواربی کەبابچی،کە هەر بە ڕێکەوت هاوڕێی خۆشەویستم بوو،سات و کاتی زۆر خۆشمان بەقسەی خۆش و نوکتە و بەسەرهاتەکانی یوسفی خێرنەدیو و کاکەبەهادین باسی کەتنەکانی خۆی لەگەڵ مامە عەباسدا بەسەر برد. گەر بە هەڵەشدا نەچم بەها قەڵەو چەندجارێک بە گووتنی گۆرانییەکانی مامۆستا ساڵح دیلان ،دیدارەکانی خۆشتر دەکرد...ڕەوانشادی هەمیشە لە یادنەچوو کاک کەریمیش بەقسە و تەعلیقێکی خۆش،جارەوەجار هەموانی دەهێنایە پێکەنین..کاک کەریم زۆر سەری دەکردە سەر یوسف و بەهادین و ئەوانیش بە هەر جوێن و قسەیەکی کاک کەریم شاگەشکە دەبوون. ئەم دوانە ،لەبەر ئەوەی خەرجییان زۆربوو، بە پاسۆک بەخێو نەدەکران و ناچار چووبونە نێو پارتی و سۆشیالیستەوە . جێی خۆیەتی ئاماژە بە قسە و هەڵوێستێکی کاک یوسفە لچە بدەم... ئەو ڕۆژانە ڕژێمی بەعس،بڕیاری لێبووردنی دا بوو. کاتێ ئەم هەواڵەیان بە یوسف ڕاگەیاند،یەکەوراست هاتە قسە و گوتی: دایکم بکەن بە پاشای کوێت،ناچمەوە لای بەعس و سەدام.

ئا لە هەموو ساتە پڕ لە جۆش و خرۆشەدا، مام برایم وەک پەپوولەیەکی ڕۆحسووک دەهات و دەچوو.کاروباری پێشمەرگەیی خۆیی و هاوبیرانی ڕادەپەڕاند و بەردەوام لە خزمەتی میوانەکانیشدا بوو.

هەرجارێ سەرنجم لێ بدایە،یان لە تەنیشتمەوە بوایە بۆنی هەناسەیەم دەکرد،دەمزانی لە ناخڕا بە ئەڤینەکەوە سووتاوە.وەختێ نیگامان لە یەکتر یەکانگیر دەبوو،بزەیەکی کورت دەهاتە سەر رووخساری پانوبەرینی.بە تایبەت قژی پێشی سەری رووتابووە،کەلە و رووخساری قەبەتر و پانتر دەینواند.

ئەو دردەدەی ئەو سەختی و ناخۆشییەکەی لەوەدا بوو،کەس هیچی بۆ ئەو پێ نەدەکرا. مەل و باڵندەش نەیاندەتوانی بەسانایی ببنە قاسید و پەیامی کەس بە کەس بگەێنن.ئاخر لەو داماوییە و لە نێو ئەو دۆڵ و چەم و شاخانەدا،لە نۆکان،کە تەنیا خۆر و ئەستێرەی ئاسمانمان لێ دیار بوو،هەموو کەوتبووین بەسەر کۆستی شیرینی کاک ئازاد دا و بیر لە چارەنووسی پاسۆک و کورد دەکرایەوە، ئیدی کێ دەیتوانێ دەرمانی خەمێکی وا قووڵی دڵی مام برایم بکات...بە دڵنیاییەوە کەس.

بەر لە گەڕانەوە،قەمسەڵەیەکی سەوزی سەربازیم لەبەردابوو،دام بە مام برایم بەدیاری . بە چرپەیەکیش داخوازییەکی لێکردم!! گفتم دایە بۆی جێبەجێ بکەم..زۆر بەداخەوە ئەمەم بۆ نەکرا،چونکە گەیاندنی ئەو شتە، لە ڕێی ئێرانەوە، بەدەستی مام برایم، زۆر مەحاڵ بوو.

زۆری نەبرد، ڕاپەڕینی ١٩٩١ سەری هەڵدا و ئەویش لەتەک هاوبیرانی پاسۆک و لایەنەکانی تری بەرەی کوردستانیدا،قارەمانانە و دڵسۆزانە بەشداریی لە ئازادکردنی شآر و شارۆچکەکسانی کوردستاندا کرد.

هاتنەدی ئەم ئاواتە بەرزە،زۆری نەخایاند و کۆرەوی ملیۆنەها خەڵکی کوردستان لە ترسی شاڵاوی دڕندانەی بەعس و موجاهیدی خەلق دەستی پێکرد... هاوبیر ئامانج و دەستەیەک پێشمەرگە ی پاسۆک و یەکێتی لە بناری چیای ئەزمەڕ، سەنگەریان لە هێزەکانی داگیرکەر گرد و پاشەکشەیان بە پێشرەوییان کرد.لەم داستانەدا،مام برایم ، ئەوپەڕی قارەمانێتی نواند و جوامێرانە زەبریان لە دوژمن وەشاند.هاوبیر ئامانج ئەمەندە لێوەشاوانە بەرگری کرد،لە لایەن سەرکردایەتی بەرەی کوردستانییەوە لەتەک هاوبیرەکانی تردا خەڵات و پاداشت کران.

ئەم ڕۆڵە قارەمانە ،بە دەیان داستانی شەر و مەفرەزەکردن و چالاکی نهێنی نێو شاردا،بە سڵامەتی دەرباز بوو،کەچی لە بەختی کەچی بنەماڵە و پاسۆک و کورد دا،بە ڕووداوی ئۆتۆمبیل،کارەساتێکی یەکجار دڵتەزێن و ناخۆش،لە ناوچەی شارباژێر ،ئەو گیان و جەستە و باوەڕەی تەرخانی ڕێی ئازادی و سەربەخۆیی کورد و کوردستانی کرد بوو، بەخشی. ئا بەم جۆرە هاوبیرێکی دڵسۆز و ڕۆڵەیەکی بە ئەمەکی کوردایەتی بۆ دواجار پاسۆک و کورد وهاوبیران و کەسوکاری جێهێشت...

هاوبیرە هێژاکەم، ڕەوانشاد بیت و گڵکۆت پڕ لە گوڵاو و ڕووناکی بێت .سڵاو لە یادت